

دووربین
نووسینی: ئینگێن بێرگێر
وەرگێڕانی لە سویدییەوە بۆ کوردی: سیروان کاروانی

PDF4Kurd

**Yngve Berger**
Illustration: Unn Magnussen
Translation from Swedish to Kurdish:
Sirwan Karvani

This book support off:
Culture and educationscommittee- Örebro
Printet in England

**ISBN 91-971618-4-5**

---

**ئینگڤێ بێرگێر**
**وێنە: ئون ماگنوسسێن**
**وشەی کۆتایی: جان هانسسۆن**
**وەرگێڕانی لە سوێدییەوە بۆ کوردی:**
**سیروان کاروانی**
**بە یارمەتیی کولتوور- و لیژنەی ڕۆشنبیری لە چاپ دراوە**

- پسسست.
- ئەوە چییە؟
- بڕوانە.
- کوێ؟
- ئێرە. لە کیسەکەدا.

یۆن بە خێرایی خۆی دەنوشتێنێتەوە و دووربینێک پێشان دەدا و بەو شێوەیەش دەیخاتەوە جێگای خۆی و تەماشای هێنریک دەکا.

- یۆن پستەیەک دەکا: چی دەڵێی دەربارەی ئەوە؟
- هێنریک پستەیەک دەکا: تۆ ئەوەت لە کوێ پەیداکرد؟

- کڕیم.

- لەکوێ؟
- لە برادەرێک.
- چەندت پێی دا؟
- سی.
- تەنها سی. بۆ تۆ پێت وایە ئەوە دزراوە.
- لەوانەیە.
- تۆ هۆشیار نیت. شەیتان چۆن دەوێری؟ ئەوە خەتەرناکە. تۆ دەتوانی بچیتە ئەوێ.
یۆن تەماشای هێنریک دەکا و پێدەکەنێ.
- ئەو دەڵێ: ئەگەر پیاو هیچ نەوێرێ هیچیشی پێ نابڕێ.
- هێنریک دەڵێ: سسس, کاتێک ئەو لێی تووڕەیە بە دووربینەکەوە و بە خۆشییەوە ئارەزووی لێیە ئەوەی هەبێ, بەلام ئەو ناوێرێ وەکوو یۆن بکا.

ژووری پۆلەکە بێدەنگە. بێدەنگ و گەرم. کۆتایی مانگی هەشتە. هیچ کام لە خوێندکارەکان بە تەواوی

له گه ڵ خوێندنگه دا ڕانه هاتوون. مرۆڤ بیر له هاوین و له پشوو ده کاته وه. که س گوێ له مامۆستا ناگرێ. مامۆستاکه له پێشه وه وه ستاوه و ده په یڤێ. له وێدا هێنریک له – پشتی پشته وه – دانیشتووه و تا ڕاده یه ک ته نها ده مى مامۆستاکه ده بینێ که ده جووڵێته وه. ئه گه ر هێنریک بیویستایه گوێ بگرێ گوێی لێ ده بوو, به ڵام نه یده ویست. ئه و نه یده توانی واز بهێنێ له ته ماشاکردن له نێوان په نجه ره کراوه کاندا. هه روه هاش نه یده توانی واز بهێنێ و بیر نه کاته وه له دووربینه که ی ناو کیسه که ی یۆن.

هێنریک بۆ لای دیواره که خۆی لار کرده وه و بۆ خواره وه خۆی نووشتانده وه هه تا مامۆستاکه نه یبینێ.

– پسست!

به ڵام یۆن گوێی لێی نییه.

– پسست!

هێنریک لاقی درێژ کرد و به پێی پاڵی به یۆنه وه نا.

- ئه‌وه‌ چییه‌ ؟
- ده‌توانم هه‌ندێک دووربینه‌که‌ قه‌رز بکه‌م؟
- بۆ چیته‌ ؟
- هه‌ر که‌مێک چاوی لێ ده‌که‌م.
- به‌ڵام ئه‌گه‌ر بنه‌داره‌که‌ × بتبینێ, ئه‌و ده‌م ناخۆش ده‌بێ. پاشان له‌ کاتی پشوودا چاوی لێ بکه‌ .
- هێنریک چرپه‌یه‌ک ده‌کا: نه‌خێر. ده‌مه‌وێ ئێستا قه‌رزی بکه‌م. من ناتوانم گوێ بگرم. ئه‌و من نابینێ.
ئه‌و هه‌ر زۆربڵێیی ده‌کا. ده‌توانم هێندێک دووربینه‌که‌ قه‌رز بکه‌م؟ هه‌ر ته‌نها هێندێک چاو له‌ په‌نجه‌ره‌که‌ی ده‌که‌م. ته‌نها یه‌ک تۆز. گوێت لێیه‌ ! تۆ! دوایه‌ به‌زوویی بۆمی بنێره‌ !
یۆن وا پێشان ده‌دا کاغه‌زێکی به‌رداوه‌ته‌وه‌ و خێرا دووربینه‌که‌ له‌ناو کیسه‌که‌ ده‌ردێنێ. ئه‌و ته‌ماشای بنه‌داره‌که‌ ده‌کا بزانێ ئه‌وان ده‌بینێ. دوایی دووربینه‌که‌ ده‌داته‌ هێنریک.

× بنه‌داره‌که‌: نووسه‌ر له‌م وشه‌یه‌دا مه‌به‌ستی مامۆستاکه‌یه‌.

- پاشان بە خێرایی بیهێنەوە ئێرە.
- بەڵێ، بەڵێ، هەر کەمێک تەماشای دەکەم.
هێنریک هەندێک زیاتر پەنجەرەکەی دەکاتەوە بۆ ئەوەی چاکتر ببینێ. ئەو بۆ لای پێشەوە و لاتەنیشت خۆی لاردەکاتەوە. بەو شێوەیە ئەو هەردوو ئانیشکەکانی لەسەر تەختی دانیشتنەکە دادەنێ و دووربینەکە دەخاتە پێش چاوەکانی.
- یۆن چرپەیەک دەکا: زیاتر خۆت بچەمێنەوە. دەنا ئەو دەتبینێ. زیاتر بەرەو دیوارەکە خۆت لار بکەوە.

ناخۆشە ئەگەر بنەدارەکە بتبینێ، ئەو کاتە ناخۆش دەبێ. تۆ دەزانی ئەو چۆنە.
هێنریک وەکوو یۆن گوتی وای کرد. ئەو هێشتا زیاتر بۆ لای پێشەوە خۆی لار کردەوە و زیاتریش بۆ لای تەنیشت. پاشان دووربینەکەی بادا بۆ ئەوەی بە تەواوی ببینێ و گوتی:

ئه مه دووربینێکی چاکه . هێنریک هه موو شتێک به ڕوونی

ده بینێ. خوێندنگه که هـه نگاوێک ده که وێتـه ده ره وه ی دێ. له ته نیشت خوێندنگه که وه مێرگێکی لێیه و بـڕێک دوورتـــریش دارســـتانێک هه یـــه . لـــه و شـــوێنه ی کـــه دارستانه که ده ست پێ ده کا ماڵێکی لێیـه . هێنریـک بـه وردی ته ماشای ماڵه که ده کا. ماڵه که ماڵـێکی وێرانـه . کـه س لـه وێ نـاژی. په نجـه ره کان شـکاوون. ده وری ماڵـه که هـه مووی داره . هێنریـک ده بینـێ هه نـدێک لـه داره کان پڕ قه دیان سێوه .

– هێنریک پسته یه ک بۆ یۆن ده کا: شه یتان پیاو چه ند جوان ده بینێ. هێنریـک ئێره یـی بـه یـۆن ده بـا له بـه ر ئه وه ی ئه و دووربینێکـی ئـه وها جـوانی هه یـه , بـه ڵام هێنریک ئاوها ده ڵێ بۆ ئه وه ی زیاتر لای بمێنێتـه وه . هێنریـک چرپه یـه ک ده کـا: ئـه م دووربینـه هه رچه نـد بڵێی جوانه , تۆ ئه وه ت بۆ چییه ؟

به ڵام یۆن زه رده خه نه یه ک ده کا و سه ری ده له قێنێ:

- تۆ گوتت خەتەرناکە شتی وا بکڕی کە لەوانەیە

دزراو بێ. تۆ ئەوهات نەگوت؟ ئەگەر وابێ ئەو کاتە خەتەرناکە لە منیش بکڕی. وا نییە ؟ چی؟

- بەڵێ دروستە .

- بەڵێ ئاوهایە .

هێنریک بەردەوامە لە سەیرکردن. پێدەچێ ئەو نەتوانێ وازبهێنێ. ئەو دەتوانێ باڵندەکان ببینێ چۆن لە نێوان لقەدارەکانی ناو دارستانەکەدا بازدەدەن. ئەو دەتوانێ ڕۆژ ببینێ کە چۆن لە گەڵاکان دەدا و دەبریقێتەوە, کاتێک ئەوان بەهۆی باوە دەجووڵێنەوە. بەو شێوەیەش پشیلەیەک دەبینێ کە بەرەو دەوروبەری خانووەکە دێ. پشیلەکە لەسەر پێپیلکەکانی تەک دەرگاکە پاڵدەکەوێ. ئەو لەوێدا پاڵدەکەوێ و چنگەکانی دەلسێتەوە. کاتێک هێنریک بەبێ دووربینەکە تەماشا دەکا, پشیلەکە هەروەکو خاڵێکی ڕەش دیارە. کاتێک

پشیلەکە خۆی لستەوە, خۆی خزاندە کونە دیوارێکی ژێر خانووەکەوە.

لەناکاودا هێنریک هەستی بەوە کرد کە چەند حەزی لێیە لەو دوورە لەسەر پێپیلکەکان دابنیشێ. ئەو دەیویست ناوی هەموو شتێکی خوێندنگە بخاتە پشت گوێ. ئەو دەیویست کتێبەکان فڕێ بداتە چاڵاوەکەی کە ئەو لە تەنیشت خانووەکەدا دەیبینێ. ئەو دەیویست پێڵاوەکان لە پێی خۆی بکاتەوە. ئەو دەیویست چەند دانە سیگارێک و جووتێک بابۆڵە پەیدا بکا.

ئەو خەونی بەووەوە دەبینی. تەنها لەبەر هەتاو دانیشێ و پشت بەو دەرگا کۆنەوە بنێ. ئەگەر بیویستایە دەیتوانی پشیلەکە لە باوەشی دابنیشێ و مرڕە بکا. ئەو لە دوای پشیلەکەی دەنواڕی بەلام پشیلەکە دەرنەدەکەوت.

- یۆن پستەیەک دەکا: ڕیککێ. ڕیککێی شەیتان.

بـه لام هێنریـک گـوێی لێـی نییـه . ئـه و کاتـه یـۆن به توندی له لاقی ده دا.

- بنه داره که هاوار ده کا: هێنریک! وه لام بده ره وه .
هێنریـک خێـرا دووربینه کـه داده گـرێ و لـه نێـوان لاقه کانیدا ده یشـارێته وه و ته ماشـای یـۆن ده کـا. یـۆن خۆی وا پێشان نادا که ئه و ده بینێ.
- ئـه و ده ڵـێ: مـن پرسـیاره که م بـه ڕوونی گـوێ لـێ نه بوو.
- نـه خێر مـن تێده گـه م. بـه و شـێوه یه ی کـه ئێـوه دانیشـتوون و ده په یڤـن. چۆنچـۆنی ده بـێ ئه گـه ر تـۆ جارێک له گه ڵدابی؟

بنه داره کـه بـه هێواشـی بـه ره و لای هێنریـک دێ. هێنریک لاقێکی به رز ده کاته وه و دووربینه که ده خاته ژێر لاقـی. هه ست بـه شتێکی سه یر ده کـا و, ئـه و بـه

باشـی دانە نیشـتووە. دەبـێ خـۆی لار بکاتـەوە و خـوار دابنیشێ و ناشتوانێ لاقێکی بخاتە سەر لاقەکەی تری.

یـۆن بـەوردی تەماشـای هێنریـک دەکـا. یـۆن تـووڕە دیـارە. ئـەو لـەوە دەترسـێ بنەدارەکـە دووربینەکـە ببینـێ. هێنریـک گـوێی لێیـە کـە یـۆن بـە نینـۆکی لـە تەختەکە دەدا. ئەو زۆر باش گوێی لێیە.

بنەدارەکە هێندێک لـە جێگایەکـەی هێنریکـەوە دوور دەوەسـتێ. ئـەو دەوەسـتێ و بـە جۆرێـک تووڕەییـەوە چاو زەق دەکاتەوە, ئەوسا دەڵێ:

- چ دەبوو ئەگەر تۆ لەگەڵدا بووایـەی. ڕاستییەکەی تۆ ئەوەندە هۆشیار نیت کـە هـەر بتـوانی دابنیشـی و خەون ببینی. ئێستا تۆ گەیشتوویە پۆلی حەوتەم. مـن دەمەوێ تۆ بیر لەوە بکەیتەوە. تۆ وەکوو منداڵێکی ساوا ڕەفتار دەکەی. دادەنیشی وەکوو سـاوای گچکۆکـە پستە پسـت و گغـە دەکـەی. تـۆ دەبووایـە بـیر لـە نمرەکانت بکەیتەوە. من نازانم تۆ دەتەوێ بـبی بـە

چی, بەڵام ئەگەر مرۆڤ نمرەی خراپی هەبێ دژوارە کارێکی باشی دەست بکەوێ. دەبووایە تۆ لەم

تەمەنەتدا تێبگەی. هەروەها تۆش, ئەو بە یۆن دەڵێ.

هێنریک وا هەست دەکا ئەو لاقەی کە دووربینەکەی لەژێردایە خەریکە دەست بە لەرزین دەکا, چونکە ئەو بە تەواوی ناوێرێ لەسەر دووربینەکە ڕایبگرێ نەوەکا بکەوێتە سەر زەوی.
وا پێدەچوو گەرمای ناو پۆلەکە وا لە بنەدارەکە بکا کە هێزی نەبێ زیاتر کەموکووڕی دەستنیشان بکا. لەوەدەچوو ئارەزووی نەمابێ. ئەو خۆی سووڕاندەوە و پرسیاری لە خوێندکارێکی تر کرد.
- هێنریک چرپەیەک دەکا: پهووو و تەماشای لای یۆن دەکا.
یۆن تووڕە دیارە و لەسەر کاغەزێک دەنووسێ.

"ئـەوە بخـەرە نـاو كيسـەكەی مـن" ئـەوەی لەسـەر كاغەزەكە نووسی. دەموچاوی هێنریک گرژ و سوور

هەڵگەڕاوە و قژی تێکچووە. ئەو بە گرژییـەوە دەست بۆ كاغەزەكە درێژ دەكا.
وا پێشـان دەدا كـە قـەیتانی پـێڵاو دەبەستێ و لـەو كاتـەدا كـە بنەدارەكـە تەماشـا ناكـا, دووربینەكـە دەداتەوە بە یۆن.

لە دواییدا, زەنگ لێدەدا. بنەدارەكە كتێبەكانی خۆی كۆدەكاتـەوە و تەماشـای جێگایەكـەی هێنریـک دەكـا, بـەڵام هێنریـک وا پێشـان دەدا كـە لـەناو جانتاكەیـدا دەگەڕێ. یۆن پێشتر ڕایكردۆتە دەرەوە.
- كاكێک بنەدارەكە دەڕوا, هێنریک ئەوەندەی بوێرێ بە بەرزی دەڵێ: بنەداری هەتیو, پیرە پیاوی هـەتیو. ئـەو كتێبـەكانی فـڕێ دەداتـە نـاو جانتاكەیـەوە و دەڕواتە دەرەوە. ئەو تووڕەیە.

لــە حەوشــەکەی دەرەوە یــۆن وەســتاوە و چــاوەڕێ دەکا.

- یــۆن دەڵــێ: تــۆ تێناگــەی دەتەویســت چــی بکــەی؟ تێناگەی چی دەبوو.
بیر بکەوە ئەگەر بنەدارەکە دووربینەکەی ببینییایــە. ئەو کاتە دەستی بــە لێپرسینەوە دەکرد. مـن هـەموو دەمێک زۆر دەترسام.
- بەڵێ بەڵام هیچ ڕووی نەدا. دەمەقاڵێ مەکە.
- بیر بکەوە ئەگــەر تــۆ دووربینەکــەت بەربدایــەوە. بیر بکەوە ئەگــەر شووشــەکەی بشکایە. کریستاڵــەکە ئەو شتە نــاوی چییــە دوور نییــە بتەقیایــە. تــۆ لــەوە تێدەگەی؟

هێنریک هێزی نەبوو وەڵام بداتەوە. ئەو بەلای یۆنـدا دەڕوا. ئەو دەڕوا بەبێ ئەوەی شـتێک بڵـێ. ئـەو دەڕوا

بــۆ ئــەو شــوێنەی باســکیل و موتـۆڕپاســکیلەکانی لــێ وەستاون. یۆن بەدوایدا دەڕوا.

- چی دەکەی تۆ؟

- من ناتوانم بمێنمەوە. من دەڕۆم. من ناتوانم هەر تەنها دابنیشم. من ماوەیەک ئەمە پشتگوێ دەخەم. مـن موتۆڕپاسکیلی براکەم قەرز دەکەم. مـن دەزانم کلیلەکەی لە کوێدایە. ئەگەر تۆ ئەوت بینی پێی بڵێ کە من قەرزم کردووە.

- تۆ هۆشیار نیت. تـۆ دەتوانی بچیتە ئـەوێ. ئێمە تەنها سێزدە ساڵین.

- هێنریک دەڵێ: زۆرێک باوەڕیان وایە کـە مـن پازدەم. من پێشتر لێمخوڕیوە. ئێستا هیچ پۆلیسێک لـە دەرەوە نییە. من دەڕۆم. ماڵاوا.

ئەو لەژێر زینەکەدا دەگەڕێ و دەزانێ کە براکەی کلیلی تۆپەکە لەوێ دادەنێ. بە دەوری خوێندنگەکەدا

دەڕوا و لـە لای پشتەوە موتۆڕپاسکیلیەکە پـێ دەکـا.
یۆن دەکەوێتە دوای.
- لەگەڵم بە!
- نەخێر.

- ناوێری؟ تۆ دەتوانی لە پشتەوە دابنیشی.
- نەخێر.
- ماڵاوا! بە براکەم بڵێ. ئەگەرنا ئەو وا باوەڕ دەکـا کەسێک موتۆڕپاسکیلەکەی ڕفانـدبێ. حـەیف کـە تـۆ ناوێری, کوڕە.

هێنریـک بـە ڕێیەکـەدا لێـدەخوڕێ. ئەوەنـدەی موتۆڕپاسکیلەکە بـڕوا خێـرا لێـدەخوڕێ. قـژی بـەلانی پشـتدا دەکـەوێ و بـا لـە چاوەکـانی دەدا. ڕۆژەکـە بەسەریدا دەبریقێتەوە و ئەویش بەوە دڵخۆش دەبێ, چونکـە موتۆڕپاسـکیلەکە لـە سـی خێراتـر دەڕۆیـی, چاوەکـانی کـەمێک ئاویـان لـێ دەڕژا. برایەکـەی ئـەو موتۆڕپاسکیلەکەی وا دروست کـردووە. هێنریـک دەزانـێ

که موتۆڕپاسکیله‌که تا نزیک په نجایش ده‌ڕوا. هێندێک سه‌یری خۆی کرد. تاڕاده‌یه‌ک هیچ هاتوچۆ نییه. کاتژمێر ته‌نها ده‌یه. ئه‌و مه‌شقی ئه‌وه ده‌کا گێڕ بگۆڕێ. ئێستا ئه‌و ده‌توانێ به خێرایی گێڕ بگۆڕێ, مه‌کینه‌که‌ی که له گێڕدایه هه‌ر وڕڕه‌ی دێ.

هێنریک ده‌وه‌ستێ و نازانێ بۆ کوێ لێبخوڕێ. ته‌ماشای خوێندنگه‌که ده‌کا که زۆر لێیه‌وه دووره. له پڕ نازانێ بۆ کوێ لێبخوڕێ. ناوێرێ بۆ سه‌ر ڕێگا گه‌وره‌که لێبخوڕێ -- ئه‌وه‌کو. . . پاشان ئه‌و ده‌که‌وێته بیرکردنه‌وه له‌و خانووه وێرانه.
- ئه‌و ڕاست ڕوو له سه‌ره‌وه و ڕووناکیی خۆره‌که هاوار ده‌کا: به‌دۆعا خوێندنگه! به‌دۆعا بنه‌داره‌که!. خێرایی موتۆڕپاسکیله‌که ده‌بێ به لانی که‌مه‌وه په نجا ببێ. هه‌موو خێراییه‌که‌یه‌تی.
ئه‌و به‌ره‌و ئه‌و کۆنه ڕێیه لێده‌خوڕێ که ده‌ڕواته سه‌ره‌وه بۆ لای ماڵه‌که. ڕێیه‌که قۆڵتاوییه و ده‌بێ به

هێواشی شۆڕبێتەوە. پێچاوپێچ بە نێوان قۆڵتەکاندا لێدەخوڕێ و گۆرانی دەڵێ و هەمیشە هاوار دەکا.

موتۆڕپاسکیلەکە لە تەنیشت پێپیلکەکان ڕادەگرێ. بە دەوری خانووەکەدا دەسووڕێتەوە و لە پەنجەرەوە

تەماشای ژوورەوە دەکا.
لەوێ قوتووی ئاوجۆ و قونکە سیگار لەسەر زەوی کەوتوون. لە سووچێکدا چەند پەتوویەکی لێبوو. ژوورەوە تاریک بوو. کاغەزی دیوارەکان پارچەیی هەڵواسراون و تەباخی ئاشپەزخانەکە نەمابوو.
دەرگاکە کرابووەوە بەڵام ئەو ئارەزووی ئەوەی نەبوو بچێتە ژوورەوە. چووە پێشەوە بۆ لای کونەدیوارەکە بۆ ئەوەی سەرنج لە پشیلەکە بدا, بەڵام پشیلەکە نابینێ. لەسەر پێپیلکەکە دادەنیشێ و پشتی بە دەرگای ئاشپەزخانەکەوە دەدا. پێڵاوەکەی لە پێ دادەکەنێ و کراسەکەی لەبەر دەکاتەوە. لە

گیرفانی قەمسەڵەکەی پاکەتێک سیگار دەردەهێنێ.
بەلام ئاگری پێ نییە.
پاشان دەچێتە ژوورەوە بۆ ناو خانووەکە و دەگەرێ و قوتوویەک دەبینێتەوە. وا هەست دەکا کە ڕۆیشتن بەناو ژوورەکەدا هەندێک سەیرە. ئەوێ هەندێک بەسامە.

دیسان دەچێتەوە دەرەوە.
کە سێو بە دارەکەوە دەبینێ چەند دانەیەکیان لێدەکاتەوە. ئەوەندەی بتوانێ لێیان دەکاتەوە و دەیانخاتە ژێر کراسەکەی. لەبەر ئەوەی ئەو سێوانە لە سێبەردا بەدارەوەبوون هەست دەکا کە ساردن لەسەر زگی و هەندێک دەلەرزێ.
بەو شێوەیە دیسان دادەنیشێ و سیگار دەکێشێ و سێو دەخوا. ئەو بیری بۆ لای پشیلەکە دەچێ بەلام پشیلەکە نایێ. لە دڵی خۆیدا گوتی: دەبێ ئەوە پشیلەیەکی کێوی بێ. ناوێرێ بێتە دەرەوە.

قەمسەڵەکەی لەبەر کردەوە چونکە بەر ڕۆژەکە گەرم بوو. گۆرەوییەکانی داکەنی و دانیشت و پەنجەکانی پێی بزواند و دەستی بە پێکەنین کرد. پستەیەکی کرد: من هەڵاتووم. ئێوە ئیتر من نابیننەوە. بەدۆعا لە هەمووتان!
لە دانیشتن ماندوو بوو. چەقۆکەی دەرهێنا و دەستی

کرد بە بڕینی داری سەر پێپلیکانەکان. سیۆێکی هێنا و هەوڵی دا بیخاتە چاڵاوەکەوە.

چوار دانەی دەهاوی یەکیانی دەخستە چاڵاوەکەوە. گوێی لێ بوو چۆن سێوەکان دەکەونە ناو ئاوەکەوە.
پاشان چووە پێشەوە بۆ لای چاڵاوەکە. تەختەدارەکان کە لێنیان تێدا بوو و بە هێواشی بەسەر ئەو کۆنەدارە خاکییەدا هەنگاوی نا. تەماشای خوارەوەی کرد. دەموچاوی خۆی لە ئاوەکەدا بینی. ئاسمانیشی بینی کە ڕەنگی دەدایەوە. تفی دەخستە

چاڵاوەکەوە. دەبووە ئاڵقەئاڵقەیی و دەموچاوی خۆی تێدا بزر دەبوو.
لە دڵی خۆیدا گوتی: من تف لە دەموچاوی خۆم دەکەم. پاشان سێوێکی هێنا و ڕاست بۆ ناو ئاوەکەی بەردایە خوارەوە. پاش تۆزێک سێوەکە سەر ئاوەکە کەوت.

سێوەکە لەوێدا مایەوە و کەندوکۆسپی دروست کرد و ئیتر هێنریک دەموچاوی خۆی تێدا نەبینی. ئەو سێ سێوی لەژێر کراسەکەیەوە دەرهێنا و بە توندی ڕاست بۆ ناو ئاوەکە فڕێیانیدایە خوارەوە. کاتێک سێوی دوواییانی فڕێ دا وەکوو دوو تەختەی ڕزیو شەق بوون و هێنریک ڕاست بۆ ناو چاڵاوەکە و پێیەکانیشی لە پێشدا بەربووە خوارەوە.
خەیاڵەکان بە دەوروبەردا گێژیان دەخوارد و کۆمەڵێک شتی کاتی بچکۆلەی بەبیردا هاتنەوە. وەکوو فیلمێک وابوون کە زۆر بە خێرایی بسووڕێ. کە

بەربووەوە لە ترسان بانگی کرد. دیوارە بەردییەکان دەنگیان دەدایەوە. ئەو قۆڵی بە توندی بە دیوارەکەدا دا و مل و گوێی کڕاند پێش ئەوەی بکەوێتە ئاوەکەوە, کەوتە ژێر پانتایی ئاوەکەوە. سەری لەناوەوە بڵقی دەدا و چریکەی دەهات و ئاوێکی ساردی نۆشی. پێیەکانی لەو بنە لینجاوییەدا گیربوون. وەکوو

شێتێک هەوڵی دەدا بۆ ئەوەی بێتە سەر پانتایی ئاوەکەوە. کاتێک سەری دەگەیەیشتە سەرەوە, ئاوەکەی هەڵدەهێنایەوە و دەکۆخی.

لە چاڵاوەکەدا دەنگەدەنگ دەهات. لە دەوروبەری ئەویش سێوەکان دەهاتن و دەچوون. پاکەتەکە بە سیگارەکانەوە بە تەنیشت ڕوومەتی ئەودا دەهات و دەچوو. کاتێک ئەو کۆخەکەی تەواو بوو و ئاوەکەی هەڵهێنایەوە هەستی بە ساردیی ئاوەکە کرد کە لە نێوان جلەکانییەوە دەڕژا.

ئەو پێی بە ئاوەکەدا دادەگرت و نەیدەزانی چی بکا. زۆر زۆر دەترسا. لە هەموو ژیانیدا هەرگیز بەو شێوەیە نەترساوە. هەستی بە شپرزەیی دەکرد و زۆر بە خێرایی پێی بە ئاوەکەدا دەنا. ئەو پێشوەخت هەستی بە ماندووبوون دەکرد.

– نیوەبانگێکی کرد: لەعین, لەعین! کاتێک ئەو گوێی لە دەنگدانەوەی دەنگی خۆی بوو دەستی بە گریان کرد

کرد. دەنگدانەوەکە ئاوازێکی سەیری هەبوو. وەکوو دەنگی گیانلەبەرێکی گەورە وابوو. وا هەستی کرد کە لە ترسا دەست و پێیەکانی مردوون. ئەو لە ناوەڕاستی چاڵاوەکەدابوو. دەستی دەگەیشتە لایەکان بەلام نەیدەوێرا ئەو بەردە لینجاوییە, ساردانە بگرێ.

پاڵکەوت و تۆزێک مەلەوانیی کرد و ئەوسا دەستی بە هاوارکردن کرد بۆ یارمەتی. ئەو ئەوەندەی توانیی بە دەنگی بڵند هاواری کرد, بەلام دەیزانی کە هیچ

كه‌سێک نییه‌ گوێی له‌ ده‌نگی ئه‌و ببێ. ئه‌و کاته‌ وا هه‌ستی کرد خه‌ریکه‌ هیلاک ده‌بێ و به‌ ده‌ستی به‌ردێکی گرت. هه‌موو له‌شی ده‌له‌رزی. که‌ له‌ نزیکه‌وه‌ ته‌ماشای به‌رده‌که‌ی کرد چه‌ند جانه‌وه‌رێکی بینی. به‌ری دایه‌وه‌ و دیسان پێی به‌ ئاوه‌که‌دا نا.

وا هه‌ستی کرد ماندووه‌ و له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا که‌ ده‌موچاوی ته‌ڕبوو, هه‌ستی ده‌کرد فرمێسکه‌کان چۆن به‌سه‌ر ڕوومه‌تیدا ده‌ڕژێنه‌ خواره‌وه‌. له‌ پڕ له‌ ته‌نیشت گوێی ڕاستی هه‌ستی به‌ شتێکی سه‌یر کرد, شتێکی سارد. سه‌ری به‌ توندی سووڕانده‌وه‌ و دوورخسته‌وه‌. ئه‌وه‌ سێوێک بوو که‌ به‌ره‌و گوێی بڵند بووه‌وه‌. هه‌ستی کرد که‌ گوێی زۆر ئازاری پێ گه‌یشتووه‌ کاتێک سێوه‌که‌ی به‌رکه‌وت.

ده‌ستێکی بڵند کرد و به‌ ده‌ستی هه‌ستێکی له‌ گوێی کرد. ئه‌و کاته‌ خه‌ریک بوو نقووم ببێ و به‌ خێرایی قۆڵی برده‌ خواره‌وه‌. گوێی چریکاندی و هه‌ستی کرد که‌

دەستی پێداداوە. خوێنی لێ نەهات بەڵام زۆر دێشا. سەریشی بەهۆی لێدانی ملیەوە دەیچریکاند.
- بانگی کرد: یارمەتی! یارمەتی! خودا گیان یارمەتیم بدە! ئەو باوەڕی بە خودا نەبوو و هەرگیز نەدەپاڕایەوە, بەڵام ئێستا وا دەکا. ئۆە, خودای میهرەبان ئێستا یارمەتیم بدە! دەستەکانی پێکەوە گرت و هەوڵی دا بپاڕێتەوە, بەڵام ئەو کاتە ئەو دەبوو زۆر خێراتر پێ بە ئاوەکەدا بنێ. هەستی کرد کە خەریکە نقووم دەبێ ئەگەر هەر وا دەستەکانی لەسەر پانتاییی ئاوەکەوە پێکەوە بگرێ. گریا و ڕاست ڕووی لە ئاسمان کرد و تەماشای سەرەوەی کرد. ئەو دەلاقە چوارلایەکەی چاڵاوەکەی بینی. دوور دوور لەو سەرەوە ئەو ئاسمانە شینەی دەبینی. بە چاوی زەقەوە ڕاست بەرەو ئاسمان تەماشای سەرەوەی دەکرد و ئەو کات فرمێسکەکان دەڕژانە سەر گوێیەکانی. چەند پەڵە هەورێکی سپی خوریاوی بەویدا ڕەت بوون و چەند پەڕەسێلکەیەک بە خواری

بەسەر ئەو بەشە بچووکەی ئاسماندا کە ئەو دەیبینی دەفڕین.

سەرمای بوو. دەلەرزی و ددانەکانی شەقەشەقیان بوو. هەرچەند ئەو بەردەوام خۆی دەجووڵاند سوودێکی نەبوو. نەیدەزانی چەند لەمێژە لە ئاوەکەدایە. هێندە ماندووبوو دەست و پێیەکانی وەک مردوویان لێهاتبوو. تەماشای هەردوو لایەکانی دەکرد و بە

چاوەکانی پانتاییی چاڵاوەکەی دەپێوی. بینیی کە ئەگەر قۆڵەکانی درێژ بکا دەستی بە هەردوو لای چاڵاوەکە دەگا. ئەو کاتە قۆڵەکانی درێژ کرد و بە دەستەکانی پایەکانی گرت. بەو شێوەیە ئەوەی لەکۆڵ بووەوە پێ بە ئاوەکەدا بنێ.
تۆزێک خۆی شۆڕکردەوە. کاتێک خۆی شۆڕ کردەوە پێیەکانی حەسانەوە, بەلام ئەو هەستی دەکرد کە

ناتوانێ ماوەیەکی زۆر ئاوها خۆی بگرێ چونکە قۆڵەکانی ماندوو بووبوون.
سێوەکان کە بە تەنیشتی ئەودا دەهاتن و دەچوون هەموو کات بەر دەموچاوی دەکەوتن. ئەو بۆ چاوتروکانێک لە سێوەکان تووڕە دەبوو. وا پێدەچوو تووڕەیی ئەو بەرانبەر بە سێوەکان یارمەتیی بدا کە ئارام ببێتەوە. ئەو هەستی بە بۆنی سەیری چاڵاوەکە دەکرد؛ شێدار, بەستراو, وەکوو گیاکوزەرەیەکی کۆن کۆن کەمێک بۆنی بۆگەنیی لێ دەهات.

لە دڵی خۆیدا گوتی: من دەبێ شتێک بکەم. من دەبێ شتێک بکەم ئەو بە نیوەبڵندییەکەوە گوتی. سەرەڕای ئەوەش دەنگەکە لەوە زۆر بەگوڕتر دەهات. من ناتوانم بەم شێوەیە خۆم هەڵواسم. من دەبێ بتوانم بە تەواوی بحەسێمەوە ئەگەر زۆر لێرەدا بمێنمەوە. کاتێک ئەو بیری دەکردەوە وا هەستی کرد کە خەریکە سام بیگرێ. ئەو خۆشبەخت بوو ئەگەر لە بیری بکا,

چونکــە بەردەکــەی کــە ئــەو خــۆی پێــوە گرتبــوو لێبووبــووەوە و لە پــڕدا گینگڵــێکی بدایــە دەکەوتــە خوارەوە بۆ ناو ئاوەکە.
ئەو دیسانەوە پێی بە ئاوەکەدا نا.
وای بیرکردەوە: کاتێک بەربوومە خوارەوە پێم بە هەرە ژێرەوەی ئاوەکە دەکەوت. بە هەر حاڵ ئەگەر من بمتوانیبووایە بە پێیەکم بگەیشتمایە ژێرەوەی ئاوەکەوە. لەگەڵ ئەوەی کە ئەو نەیدەویست, بە هێواشی خۆی خستە خوارەوە و بە پێیەکی هەستی پێ کرد. ئەو گوێی لە دڵی بوو بەخێرایی لێیدەدا, خێرا, لە شوێنێکدا ئەو پێیەکی دەگەیشتە هەرە ژێرەوە, بەڵام ئەو کاتە دەبوو خۆی بۆ قوڵایی شۆڕ بکاتەوە هەتا دەمی دەکەوێتە ژێر ئاوەکەوە. بەڵام هەرە ژێرەوەی قوڕ بوو و پێی نقووم دەبوو. ئەمە نەدەبوو.
پیسی دەکەوتە نێوان پەنجەکانی و ئارەزووی دەکرد گۆرەوی و پێڵاوەکانی لە پێ نەکردایەوە.

بیری کردەوە: چەقۆکە! چەقۆکە. دەستی درێژ کردەوە خوارەوە بۆ پشتوێنەکەی و چەقۆکەی هێنا. تەماشای نێوان بەردەکانی کرد بەڵکو شوێنێکی وا هەبێ بتوانێ چەقۆکەی پێدا بکا. چەقۆکەی بۆ ئەوە بوو وەکوو دەسکێک خۆی پێوە هەڵواسێ.

ئەوەندەی بتوانێ بە توندی چەقۆکەی لە نێوانی جووتێک بەرد دا. خێرا وەکوو بروسکە جانەوەرێکی خشۆک خۆی خشاندە پێشەوە و خۆی بزر کرد. دیسان دەترسا.

زۆر زۆر ترسا و دەسکەکەی بەردا. بەڵام خۆشبەختانە خۆی ئارام کردەوە و هاتە سەرەوە و چەقۆکەی گرت. جانەوەرە خشۆکەکەی ئیتر نەبینی. هەستی بە ناخۆشی کرد کە دەیزانی ئەو جانەوەرە هەیە و بەڵام ناشیبینێ.

بە نیوەبڵندییەکەوە دەپەیڤی و هەناسەی هەڵدەکێشا:

- ئەو ناتوانێ هیچم لێ بکا. ئەوان ژەهراوی نین.
کەمێک خۆی پێوە گرت. کە دەستی ڕاستی ماندوو دەبوو و هەوڵی دەدا بە دەستی چەپی خۆی بگرێ. ئەمەیان بە باشی نەدەڕۆیشت. دیسان دەستی ڕاستی دەبردەوە, بەڵام توانای ئەوەی نەبوو ماوەیەکی زۆر خۆی پێوە بگرێ.

لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەگەر من بمتوانییایە خۆم هەڵواسییایە و بحەسێمەوە. ئەگەر تەنها بمتوانییایە بحەسێمەوە ئەوە شتێکی باش دەبوو. ئەگەر بمتوانییایە پشتوێنەکەم بە دەوری بەردێکدا هەڵواسم . ئەگەر بمتوانییایە پشتوێنەکەم بە دەوری چەقۆکەدا هەڵواسم.

دەستی درێژ کردە خوارەوە و پشتوێنەکەی کردەوە. توانای ئەوەی نەبوو بە دەستێک ڕایبکێشێ. دەبوو دەستەکەی تری لە پشتەوە درێژ بکاتە خوارەوە و پشتوێنەکە لە کونەکانی پانتۆڵە کاوبۆییەکەیەوە بێنێتە دەرەوە.

ئـەو بـەهۆی بەرەزووانەکـەوە پشـتوێنەکەی ڕاکێشـا و دەستی ڕاستی لە ڕێگای گرێکەوە درێژ کـرد و ڕایکێشـا. لەبەر خۆگرژکردن و مانـدووبوون بـە تونـدی هەناسـەی وەردەگرت و کاتێک لەگـەڵ پشـتوێنەکە خـەریک بـوو, خێـرا خێـرا پێـی بـە ئاوەکـەدا دەنـا. بـەو شـێوەیە گرێیـەکی لـە کۆتـایی پشـتوێنەکەی دا. کاتێـک ئـەو خەریکی ئەوە بوو چاڵاوەکە تا دەهات تاریکتر دەبوو. بـە سەرسـامییەوە تەماشـای سـەرەوەی کـرد. ئـەوە هەورێکی گەورە بوو کە ڕۆژەکەی داپۆشیبوو. خـوارەوە تا ڕادەیەک تاریک دەبوو و هەست دەکرا کە ساردترە.

هەوڵـی دەدا واز لـە بیرکردنـەوە بهێنـێ لـەوەی کـە تاریکتر و سـاردتر دەبـێ. ئـەو بـە ئاگاییـەوە هەوڵـی دەدا گرێـی سـەر پشـتوێنەکە بـە دەسـکی چەقۆکـەوە قـایم بکا. پاش پێنجەمین جار هەوڵدان سـەردەکەوێ. ئەو کاتە هێندە ماندووە کە ڕوومەتی بەرەو لای ئەو

**بەردە شێدارانە دەبا. وا هەست دەکا کە گوێی زۆر دێشێ کاتێک ئەو بەرەو بەردەکان دێ بەلام بەسەر خۆی ناهێنێ. ڕوومەتی بەسەر ئەو بەردە لووسانەدا دەخزێ.**

**بە ئاگاییەوە چەقۆکە تاقی دەکاتەوە بزانێ خۆی دەگرێ. بە هێواشی خۆی شۆڕ دەکاتە خوارەوە, بەلام دەبینێ کە پشتوێنەکە زیاد درێژە. ئەگەر پشتوێنەکەی درێژ بکردایەوە دەکەوتە ژێر ئاوەکەوە. ئەو زۆر تووڕە و بەگومان بوو کاتێک هەستی بەوە کرد و بە جۆرێک لێوەکانی خۆی گەزی کە لە دەمیدا تامی خوێنی دەدا. هەولی دا خۆی بلند بکاتە سەرەوەی ئاوەکە و دەستی بسووڕێنێ, بە جۆرێک کە گرێیەکەی لای دەستی ببێتە دوو هێندە. سەردەکەوێ, بەلام هەست دەکا کە پشتوێنەکە دەخلیسکێ و دەچێتە خوارەوە. هەولێ دەدا بە قۆلی چەماوەوە خۆی هەلواسێ بەلام ناتوانێ.**

دەستی لە گرێیەکە دەکاتەوە.

تێ دەگا کە دەبێ سەرلەنوێ دەست بە هەموو کارەکان بکاتەوە. ئەو بازووەکانی بە لایەکانی چاڵاوەکەوە دەگرێ و دەحەسێتەوە. بە وردی تەماشای چەقۆکە دەکا. بەو شێوەیە پشتوێنەکە دەگرێ و هەوڵ دەدا چەقۆکەی پێ هەڵبگرێ. ئەوەی بۆ دەکرێ. هەوڵ دەدا پشتی بگوازێتەوە و لە نوێوە گرێکە چاک بکاتەوە. بەڵام چاڵاوەکە بچووکە و سەری لە دیوارەکە دەدا و دەبێ دیسان پێ بە ئاوەکەدا بنێتەوە. کاتێک ئەو گرێ نوێیە تەواو دەبێ دەتوانێ لەگەڵ یەکەمین هەوڵیدا دەسکی چەقۆکە بگرێ. ئەو بەوە زۆر دڵخۆش دەبێ و لێدەگەرێ زۆر بە خێرایی بکەوێتە خوارەوە. ئەودەم چەقۆکە بەردەبێتە خوارەوە بۆ ناو ئاوەکە.

ئەو بەوە سەرسام دەبێ. سەرەتا هیچ بیر ناکاتەوە,

پاشـان تێـدەگا چـی ڕوویـداوە. دەسـت بـە گریـان دەکاتەوە. ناڵەیەکی گەورە دەکا و چڵمی دەسڕێ.
لەبەرخۆیەوە دەڵێ: بیر بکەوە ئەگەر من بخنکێم! من دەمرم! ئـەو پێشـتر وا بەئاشکرا بـیری لـە شـتی وا نەکردبۆوە بەڵام ئێستا دەیکا.
دیسان بە یارمەتیی دەستەکانی لایـەکانی چاڵاوەکـە دەگـرێ و ڕاسـت چـاو لـە دیـواری دووەم دەکـا. ئێسـتا ئەوێ دیسان ڕووناکە. هەورەکەی کـە بـەری ڕۆژەکـەی گرتبـوو دوور کەوتـەوە و ئـەو ڕۆژەکـەی دەبـینی کـە لەسـەر بـەردەکانی هـەرە سـەرەوە دەبریسکایەوە. بیری لەوە کـردەوە, کـە چەنـد لـەمێژە کەوتووەتـە ئەوێ.
– لەبەرخۆیەوە دەڵێ: **من دەبێ چەقۆکە بگرم, من دەبێ چەقۆکە بگرم.**
ئەو دەیزانی دەبێ چی بکـا. ئەوەنـدەی بتوانـێ بـە ئارامی پێی بـە ئاوەکـەدا نـا, بـەو شـێوەیە چەنـدین هەناسەی قووڵی وەرگرت.

بەو شێوەیە ئەو لێگەڕا بە هێواشی شۆڕبێتە خوارەوە بۆ ژێر ئاوەکە و بە پێی ڕاستی لە هەرە ژێرەوەی ئاوەکەوە دەستی بە گەڕان کرد. بەڵام ئەو هەر تەنها لە نیوەی چاڵاوەکەدایە کە هەست بە ژێرەوەی دەکا. ناتوانێ هەست بە نیوەکەی تری بکا. چەندین جار خۆی شۆڕ کردەوە و بۆ هەرە ژێرەوە گەڕا. ئەو لەگەڵ خۆیدا گوتی: ئەوە دەبێ لە لای تەنکاییەکەوە بێ, ئەوە دەبێ لەوێدا بێ.

لە ناکاو هەستی بە چەقۆکە کرد. نووکەکەی لە پێشدا و ڕاست بۆ خوارەوە بەربۆتەوە و لە لیتەکەدا چەقیوە. ئەو لە خۆشیانا کە شلەیەکی ساردی نۆشی ڕادەچڵەکی. بنەکەی بە دەستەکانی گرت و کۆخێ. بەو شێوەیە هەوڵی دەدا بەبیری بێتەوە چەقۆکە لەکوێیە. بە ئاگاییەکی زۆر بەرزەوە بە پێی گەڕا. بەو شێوەیە ئەو بەختیار بوو کە چەقۆکەی خستە

نێوان پەنجەگەورەکەی و پەنجەکەی تری. ئەو بە پەنجەکانی توند بەستی و لاقی بڵند کرد و چەقۆکەی گرت.

هەرکە چەقۆکەی گرت ماسولکەکانی گرژ بوون. لاقەکانی بۆیەک هاتنەوە و لەبەر ئەوەی ئازارێکی ترسناکی هاتێ هاواری کرد. لاقەکانی بۆ لای پشتەوە نووشتانەوە, پەنجەکانی بۆ دەرەوە کشان و ئازارەکەی زۆر نالەبار بوو. بەوە دڵخۆش بوو کە چەقۆکە بە نێوانی دوو بەرددا بکا و سنگێکی ببێ. بەو جۆرە ئەو هەوڵی دا لاقی ڕاست بکاتەوە. وەختێکی نەبڕانەوەی پێچوو پێش ئەوەی گرژبوونەکە وازی لێ بهێنێ, بەلام وازی لێ هێنا. ئەو بە تەواوی ماندووە و ناتوانێ لاقی بجووڵێنێ نەوەک گرژبوونەکە دەست پێ بکاتەوە.

ئەو فووی کرد و ئاخی هەڵکێشا و ئیتر بە دڵنیاییەوە دەیزانی کە دەمرێ.

له نێوان په نجه کانیدا, هه ستی به ئازارێکی وه کوو ده رزی لێدان کرد و تێگه یی که له کاتی هێنانی چه قۆکه دا خۆی بڕیوه. به ڵام ئه و خۆی به وه تێک نه دا. گرژبوونه که زۆر خراپتر بوو.

ئه و به هیچ شێوه یه ک نه یده توانی بیربکاته وه. لاقی پاش گرژبوونه که دێشا. له ئاوه که دا سه یری خۆی کرد بۆ ئه وه ی بزانێ هیچ خوێن ده بینێ. به ڵام ئاوه که ڕه ش بوو و که مێک چه ور و قاوه یی بوو و نه یده زانی ئایا ئه وه خوێنه و سه ر ئاوه که که وتووه.

پێویسته سه رله نوێ به چه قۆ و پشتوێنه که وه هه وڵ بدا. ده بێ هه وڵ بدا. ده بێ هه وڵ بدا و ئه وه نده ی بتوانێ بیری مردن ڕه ت بکاته وه. له وه ده چێ بیری مردن هێزی نوێی بداتێ. ئه و شوێنێکی بینییه وه که باوه ڕی وابوو به که ڵکی چه قۆکه ده هات. به و شێوه یه خێرا خۆی بڵند کردووه سه ره وه و به هه موو تواناییه وه که هه یبوو چه قۆکه ی پێدا کرد.

هه‌ستی کرد که ئه‌و هێزه گه‌وره‌یه‌ی نییه‌, چونکه ئه‌و له‌ناو ئاوه‌که‌دابوو. چه‌قۆکه که‌مێک خوار به‌ره‌و سه‌ره‌وه گیر بوو و گرێکه‌ی به‌سه‌ر چه‌قۆکه‌وه ئالاند. به‌و شێوه‌یه ئه‌و به هێواشی خۆی شۆڕ کرده‌وه خواره‌وه. ئیتر ماسولکه‌گرژبوونی نه‌مابوو.

- ئێستا ئه‌و ده‌یتوانی به قۆلێکی خۆی هه‌لواسێ و هه‌ستی به خۆشی و حه‌سانه‌وه‌یه‌ک کرد, به‌لام ئه‌و نه‌یده‌توانی سه‌ر و ملی بحه‌سێنێته‌وه چونکه ده‌موچاوی ده‌که‌وته ژێر ئاوه‌که‌وه. نێوچه‌وانی به پاڵ به‌ردێکه‌وه نا. هه‌ستی به فێنکی و ساردی به‌رده‌که ده‌کرد له پاڵ نێوچه‌وانیدا.

ئه‌و نه‌یده‌زانی چه‌ند له‌مێژه ئاوا خۆی هه‌لواسیوه. ده‌بێ له ئه‌نجامی سڕیدا به‌ربووبێته‌وه. به هاوارێکی سه‌یره‌وه به‌خه‌به‌ر هات و ڕوو له سه‌ره‌وه ته‌ماشای ده‌می چالاوه‌که‌ی کرد.

لەوێدا سەر و سینگی قەلەباچکەیەکی بینی کە لە کەناری چاڵاوەکە هەڵنیشتبوو. قەلەباچکەکە سەری دەلەقاند و ڕادەوەشاند. سەری بە خواری نابووە سەر بە ردێک و دەیڕوانییە خوارەوەی چاڵاوەکە و هێنریکیش دەیتوانی بریقەی چاوێکی ببینێ.

هێنریک بە گومانەوە تەماشای دەکرد.

- بە قەلەباچکەکەی دەگوت: ئۆە قەلەباچکە یارمەتیم بدە! قەلەباچکەی میهرەبان یارمەتیم بدە! بفڕە بۆ ماڵ و بۆ ئەوانەی ماڵ بگێڕەوە کە من لێرە کەوتووم, لە کاتێکدا کە فرمێسکەکانی بە خوڕ دەڕژانە خوارەوە بۆ سەر ڕوومەتەکانی. میهرەبان میهرەبان میهرەبان قەلەباچکە.

قەلەباچکەکە بازێکی بچووکی دا و خۆی سووڕاندەوە. ئەو ئیدی دەیتوانی تەنێ پاشەڵی ببینێ, کە ڕەش دەبینرا و بەرەو ئاسمان بوو. ئاسمان خاکی بوو و تاریک بوو و پاشەڵی قەلەباچکەکە لە شێوەی

دەسـکی کەوچکێکـدا دیـاربوو. بـەو شـێوەیە بـە قیژەیەکەوە کـە بـە ڕوونی تـا خـوارەوە بـۆ لای ئـەو دەبیسترا قەلەباچکەکە بە ڕێی خۆیدا فڕی.

پشـتوێنەکەی بـە دەوری مەچـەکی دەسـتیدا تونـد و شەتەک درابوو. دەستی بە تەواوی سپی دەچووەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەمە لەبەر ئەوەیە من دەستم بەرز ڕاگرتووە. بیر بکەوە ئەگەر خوێن بـۆ نـاو پەنجـەکان نەڕوا. بیر بکەوە ئەگەر دەست بمرێ و دوایـە بـەرەو خـوار قۆڵـیش دەمـرێ. دوایـەش شـانەکان و مـل و... دەمرن.

هەوڵی دا ڕاکێشـانی پشـتوێنەکە سـووکتر بکـا بـەوەی کەوا دەستی بەرزتر ڕابگرێ بەبێ ئەوەی هەڵیبواسـێ. بـەڵام زۆر مانـدوو بـوو و دیسـان هەڵیواسـییەوە. چـۆن دەگونجێ با وابێ.

دەبێ خەوی لێ کەوتبێ یان بوورابێتەوە.
لە ملیدا هەستی بە شتێکی سەیر دەکرد. پێوەدانی بچووک بچووک.
بە ئاگاییەوە سەری بەرز کردەوە و تەماشای سەرەوەی کرد. ئاسمان هەوراوی بوو و بارانیش دایدەدا.
لەبەرخۆیەوە گوتی: باران لە من دەدا و منیش لە چاڵاوێکدا کەوتووم. باران دەبارێ و منیش لە چاڵاوێکدا کەوتووم و دەبێ بمرم. توانای ئەوەی نەبوو تەنانەت بشگرێ. دەستەکانی هەستیان نەمابوون و دڵنیاش نەبوو لەوەی کە ئایا دەتوانێ هەست بە پێیەکانی بکا. نەیدەوێرا بیر لەوە بکاتەوە کە پێیەکانی هەست ناکەن.
باران بەخوڕتر دەباری و دڵۆپەبارانەکانیش کە بەر ملی دەکەوتن گەرم بوون. ئاوی بارانەکە زۆر گەرمتر بوو لە ئاوی ناو چاڵاوەکە. دەموچاوی بۆ لای سەرەوە سووڕاندەوە و دڵۆپەباران لە چاوی دا. بە زەقی و

ڕاســـت تەماشـــای ســـەرەوەی دەکـــرد و کاتێـــک دڵۆپەبارانەکان لە چاویان دەدا, چاوی نەدەقووچاند. بـە چـاوی زەقـەوە تەماشـای سـەرەوەی دەکـرد و لێوەکـانی لەسـەرخۆ دەجووڵانـد بـەبێ ئـەوەی شـتێک بڵێ.

هەروەک چۆن بارانەکە بـەخێرایی دابـاری, هـەر بـەو شێوەیەش لێی کردەوە. ڕۆژ بەدەردەکـەوێ و ئـەودەم بەشێکی تری چاڵاوەکە ڕۆشن دەکاتەوە. لەگەڵ خۆیدا دەیگـوت: ئەمـە دەبـێ چەنـدین کـاتژمێری پێچووبـێ. ئەمە دەبێ چەنـدین کـاتژمێری پێچووبـێ. لەبـەر چـی کەسێک نایێ. ئۆهههه.

وا هەستی دەکرد کـە دەیـەوێ بخـەوێ بـەڵام پێیشـی وابـوو کـە خـەوتن بـۆ ئـەو بـاش نییـە. هەوڵـی دا پەنجـەکانی پێـی بجووڵـێنێ. هەسـتی پێیـان دەکـرد بەڵام وا هەستی دەکرد کە ئەوان چەنـدین مەتر درێـژ بـووبن. بـە هـەموو قورسـاییی خۆیـەوە خـۆی بـە

پشـــتوێنەکەدا هەڵواســـی, توانـــای ئـــەوەی نـــەبوو تەنانەت گوێ بەوەش بدا ئەگەر چەقۆکە ببێتەوە. هیچ مەسەلەیەک نییە. وەک ئەوە وایە کە ئـارەزووی بۆ ژیان بێ و بڕوا. لە کاتێکدا ئەو بـیری لـە چەقۆکـە دەکردەوە لە لایەکی تریشـەوە پێـی وابـوو کـە ئـەوە مەسەلەیەکی گرنگ نییە. هەموو شتێک خەیاڵی بـووە. لەوانەیـە ئـەو هـەر لـە چاڵاویشـدا نـەبێ. بـەڵام بەداخەوە ئەو لە قوڵاییی چاڵاوێکدایە و بەو داخەوە دەمرێ و تەمەنیش تەنها سێزدە ساڵە.

خەریکە بیر لەوە بکاتەوە چەقۆکە لێبکاتەوە. ئەو چەقۆکەی بۆ ئەوە دەویست کە نـاوی خـۆی **هیێ ئو** – هێنریـک ئولسسـۆن – لەسـەر یـەکێک لـە بـەردەکان هەڵکۆڵێ. پێش ئەوەی بمرێ دەبێ **هـیێ**- **ئـو**- و خاچێک هەڵکۆڵێ. **هیێ**- یەک و **ئو**-یەک و هـەروەها خاچێک و ڕێکەوتیش. هەڵبەتە ئەگەر توانای هەبێ.

- له دڵی خۆیدا دەیگوت: دایک و باوکی خۆشەویست، دایکی خۆشەویست، باوکی خۆشەویست.

بیر بکەنەوە ئەگەر ئێوە پێتان بزانیایە. هەروەها براکەم و یۆن. هەموو شتێک زۆر خەماوین. ئەو نەیدەوێرا بیربکاتەوە. هەوڵی دا بە نینۆکی **هـێ-ئو**- بکێشێ، بەڵام هەر تەنها کەمێک خەتۆکەی لەسەر بەردەکە داتاشی. سێوەکان بە قورسی بە تەنیشتی ئەودا دەهاتن و دەچوون. ئەو یەکێکیانی گرت بۆ ئەوەی خۆی پێوە خەریک بکا. سێوێکی ساغ و ڕەق کە دەستی بە دەوردا بگرێ.

سێوەکەی بۆ لای لێوەکانی برد و لێی بەربووەوە. سێوەکە هێندێک ژێرئاو کەوت و پاشان هاتەوە سەرەوە.

دیسان لە حاڵەتی سڕبووندابوو. وەکوو خەونێک. لە خەونەکەدا گوێی لە دەنگێکی بەرز بوو. نەیدەویست بەخەبەر بێ، بەڵام دەنگەکە بەهێزتر دەبوو.

فیکه یه ک دێ. فیکه یه ک!
که سێک دێ! ئه و په له ده کا.

ئه وه نــده ی هێــزی تێــدابوو هــاواری کــرد: یـارمــه تی! هه وڵی دا فیکه لێبدا به ڵام بینیی که له بیری نه ماوه. ئه و به په رۆش بوو و ده له رزی. ده بێ ئه وه که سێک بێ. ئه و به ڕوونی گـوێی لـه ده نگه کـه بـوو. خـۆش ده بـوو ئه گـه ر ئـه وان گوێیــان لـه و بووایـه . هــاللۆ ئـه و بـه شێوه یه ک هاواری کرد که قوڕگی سووتایه وه . یارمه تی. لێێێێێێره!!! ئه و له خۆشی و شادیدا خه ریک بوو دێوانه ببێ. که ته ماشـای سـه ره وه ی کـرد ده موچـاوی براکـه ی بینی که سه یری خواره وه ی ده کـرد بـۆ نـاو چاڵاوه کـه . پاشــان ئـه و پرچـه پـه رت و بڵاوه کـه ی یـۆن و چـاوه گه ڕیده کانیی بینی.

- براکــه ی بــانگی کــرد: ڕیککێــی شــه یتان, بڕوانــه ده ره وه! ئێمه یارمه تیت ده ده یـن! بڕوانـه ده ره وه,

ڕیککێ بڕوانە دەرەوە! بەڵێن بدە! دەنگی ئەو بەرزتر دەڕۆیشت. غار دە و تەماشا کە بەڵکو بتوانی گوریسێک لە خانووەکە ببینییەوە, هاوار بۆ یۆن دەکا, یۆنیش یەکسەر بزر دەبێ. تەماشای هەموو لایەک بکە! هەروەها دەرەوەی خانووەکەش!

– تۆ برابچکۆلەکەم, دەیبینی ئەمە دەبێ تەرتیب بێ. ئەمە بە هیچ شێوەیەک مەترسی نییە. چی هیچ مەترسی نییە؟

هێنریک تەنها سەری دەلەقێنێ. ناتوانێ وەڵام بداتەوە. ئەو تەنها ڕاست سەیری ناو چاوی براکەی دەکا. پاشان ئەو سەر دەجووڵێنێ بەڵام ناتوانێ زەردەخەنەش بکا.

– یۆن هەناسەیەک هەڵدەکێشێ: تەنها ئەمە هەیە بەڵام زۆر درێژە. ئێمە لەوانەیە پێڕا بگەین بیرێسین.

– براکەی دەڵێ: ئێمە دەبێ ئەم پەتە چەندجارێک دووقەد بکەینەوە, وەکوو ئەوەی بیخەینەوە سەریەک. ئەوەش هەر وەختێکی کەمی پێدەچێ.

تۆ یەکسەر دەگەیتە سەرەوە.

- ئەم گرێیە بخەرە سەر سەرت. پاشانیش دەبێ قۆڵەکانت بخەیتە نێوانیانەوە. دەتوانی ئاوها بکەی؟ ئەو بە هێواشی پەتەکە لەگەڵ ئەو گرێ سووڕاوەیە دەخاتە خوارەوە. ڕووەو یۆن بانگ دەکا و دەڵێ: تەختەدارێک بهێنە. من پێویستە بە خواری لەسەر ئێرەی دابنێم تاکو ئەو تەختەدارە کۆنانە نەشکێن.
هێنریک دڵخۆش دەبێ بەوەی گرێکە بخاتە سەر سەری. بەو شێوەیە ئەو پەتەکە دەخاتە سەر قۆڵێکی، کەمێک ڕایدەکێشێ تاکو پشتوێنەکە لە چەقۆکە بکاتەوە، بەو شێوەیە قۆڵەکەی تری دەبا. هەستی دەکرد کە پەتەکە لەسەر سینگی شەتەک دەبێ و هەستی دەکرد چۆن هێواش هێواش ئەو بەرز دەکرێتەوە. تێدەگەیشت کە ئەو قورسە و هەوڵی

دەدا یارمەتیی براکەی بدا بەوەی کە پێیەکانی لە لایەکانی چاڵاوەکە گیربکا.
لە کۆتاییدا گەیشتە سەرەوە. بە دەستەکانی تەختەدارەکەی گرت, بە سەرسامییەوە گرتی. بەو شێوەیە هەستی دەکرد ئەوان چۆن بە ڕۆخەکەدا ڕایدەکێشن. هەستی دەکرد چۆن پانتۆڵەکەی دەخزێتە خوارەوە لە کاتێکدا ئەو پشتوێنی نییە. هەر وەکوو لە خەونێکدا بێ وای هەست دەکرد کە ڕۆژەکە پشتی گەرم دەکاتەوە.

ئەو خرایە سەر پشت. براکەی داینیشاند و باوەشی پێدا کرد. هەردووکیان بە شێوەیەک دەگریان کە لەگەڵیدا دەلەرزین.
- برابچکۆلە شەیتانەکە! تۆ برابچکۆلەکەم! چ بەختێک بوو ها. تۆ نزیکەی سێ کاتژمێرە لێرە کەوتوووی ها؟

هێنریک توانای وەڵامدانەوەی نەبوو. ئەو ماندووبوو و بە دەوری ملی براکەیەوەبوو.

– خۆشبەختانە یوننێ دووربینەکەی خۆی پێبوو. تێ دەگەی ئەوە ئەو بوو کە تۆی بینی. تۆ, تێدەگەی. من زۆر لە تۆ تووڕە بووم لەبەر ئەوەی تۆ موتۆڕپاسکیلەکەت ڕفاند. ئێمە باوەڕمان وابوو کە تۆ بۆ کاتی نان خواردن دێیتەوە... بەڵام ئێمە دوایە دەئاخڤین. ئێستا دەچینەوە ماڵ.

براکەی هەڵیساندە پێوە, ژێر قۆڵەکانی گرت و چاوەکانی ماچ کرد. — براکەم! تۆ براکەم! چەند جوان پێکهات. تۆ! یوننێ موتۆڕپاسکیلەکە بێنە. تۆ براکەم! دەتوانی لە پشتەوە دابنیشی؟ دەتوانی لە پشتەوە دابنیشی ئەگەر من بە هێواشی لێبخوڕم و یوننێ پشتیوانیت بکا؟

ئەمەیان دەتوانی؟ برا بچکۆلەکەم, ئەمەیان دەتوانی؟

- هێنریک پستەیەکی کرد: دروست, دروست. پێک دێ.

ئەوان بە هێواشی بەرەو ماڵ لێیانخوڕی. هێنریک سەری بە پشتی براکەیەوە نابوو. کەمێک ئاو و بەڵغەمی هەڵهێنایەوە. هەستی بەو گەرمییە دەکرد کە لە قەمسەڵەکەی براکەیەوە دەهات. ئەوە وەکوو شەپۆلێکی گەورەی گەرما هەستی پێدەکرد.

لە تەنیشتەوە یۆن غاری دەدا و پشتی ئەوی گرتبوو. تەنانەت ماسولکە گرژبوونیشی نەمابوو. بە هێواشی دەستی بە گریان کرد. بەو شێوەیە تەماشای ئەملا و ئەولای دەکرد و دەموچاوی ترساوی یۆنی دەبینی. ئەو هێندەی بتوانێ بە توندی قۆڵەکانی بە تەنگەی براکەیدا دەدا و باوەش لەسەر باوەشی پێدا دەکرد.

- پستەیەکی کرد: دووربینەکە شتێکی سەیر بوو یۆن.

- یۆن گوتی: بەڵێ وایە و بە سووکی لە پشتی دا. ئەوە شتێکی باش بوو. ئەو بە هێواشییەوە پرچی

برایەکەی پەرت و بڵاو دەکرد. بەخت بوو ها؟ من بە جوانی موتۆڕپاسکیلەکەم بینی لەکوێ وستابوو. پاشان ئێمە هاتینە ئێرە. ئێمە دەتوانین هەر نیووەختە و دووربینەکە لای یەکێکمان بێ. دەتەوێ ئاوهابێ.
هێنریک سەرێکی لەقاند. ڕۆژەکە لەناو چاوی دەدا. لاقەکانی بۆ ئەوەی لە پشتەوەی موتۆڕپاسکیلەکە دابنیشێ درێژن.

نەیدەوێرا لاقی زۆر بۆ لای پشتەوە بنوشتێنێتەوە نەوەک گرژبوونی تووش ببێ. لاقی بۆ لای پێشەوە ڕاگرت و تەماشای پێی ڕاستی کرد. لە برینی نێوان پەنجەکانی دڵۆپە خوێن دەهات. خوێنی زۆر لێ دەهات. جارجارە دڵۆپەکان دەکەوتنە سەر چەوەکە.

لە پشتی براکەی دا.
- ئەوە چییە؟

- دەزانی. مـــن چەقۆکـــەم لـــە چاڵاوەکـــەدا لـەبیرکردووە. چەقۆکـە و پشـتوێنەکە. ئـەوە ئـەوان بوون کە منیان ڕزگار کرد.

براکەی قۆڵی چەپی لـە ملـی ئـەو دەدا بـەبێ ئـەوەی واز لە لێخوڕین بێنێ. ئەو نیوەلایـەک خـۆی وەرگێـڕا و گوتی:

- براکـەم! بـەیانی مـن پـەتێکی قـایم لەگـەڵ خـۆم دەبەم و لێدەخوڕم بۆ ئـەوێ. بـەو شـێوەیە لـە دەوری تەختەدارەکەی دەبەستم و ئاوا خۆم شۆڕدەکەمە خوارەوە. پاشان چەقۆکە و هەروەها پشتوێنەکەش بۆ تۆ دەهێنم. ئەو کاتە تۆ دەتـوانی بیدەیتـە منداڵـێکی بچـووک! ئـەوە ئاشـکرایە کـە تـۆ دەبیتـە خـاوەنی چەقۆکە و پشتوێنەکە. ئەوە ئاشکرایە.

# ئینگڤێ بێرگێر Yngve Berger

ئینگڤێ بێرگێر لە ماوەی چەندین ساڵدا, لە خوێندنگەی نیککێلڤیک Nyckelviksskolan لە لیدینگۆ لە ستۆکهۆڵم, کە یەکێکە لە خوێندنگە چاکەکانی وڵات وەکوو مامۆستا بۆ نیگارکێشی و پیشەی دەستی کاری کردووە. ئەو خوێندکارانەی کە ئەو مامۆستایان بووە, بۆ منیان گێڕایەوە کە ئەو فێرکارێکی زۆر زۆر بە مەزەندە بووە و بە هۆشیارییەکی گەورەوە خوێندکارەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و لە هەمان کاتدا سەرنجی لایەنی داهێنەرانەی ئەوانی ڕاکێشاوە. بە هۆی ئەو جۆرە سەرچاوانەوە مرۆڤ بە پلەی یەکەم زانیاریی لەسەر ئینگڤێ بێرگێر دەست دەکەوێ.

دەربارەی ئەو زۆر نووسراو نییە و ئەو خۆی زانیاریی لەسەر کەسایەتیی خۆی بڵاونەکردۆتەوە. بێرگێر لە 1934 لەدایک بووە و زیوناسی, فۆڕم بەخش و نەخشەکێشیی پیشەسازی خوێندووە. لە کۆتاییی 1970-کاندا, دەستی بە نووسین کردووە. کتێبەکانی: *"کوڕە و کچە لە دوکانی شووشەکەدا" , " پاڵدانەوە لە پەنادا" ," دووربین" و "بەندەری تەنگانە"* , نموونەی بریکاری باش بوونە بۆ 1970-کانی وێژەی لاوان. کێشەی جۆراوجۆری کۆمەڵگا لە ژیانی تایبەتیی لاواندا لە کتێبەکانیدا خۆدەنوێنن و لە گوزارەکردنیاندا هاوسەنگن.

بێرگێر شێوازێکی تایبەتیی هەیە بۆ نووسین وەکوو دەڵێن ئەو کتێبانەی بۆ لاوان سانا دەخوێندرێنەوە کە لەوانەیە ئەوەی ئەوان بە پلەی یەکەم بایەخی پێدەدەن خوێندنەوە نەبێ. بە یارمەتیی کتێبەکانی بێرگێر زۆر لە مامۆستاکان لە دەوروبەری 1980 خۆشبەختانە توانییان سەرنجی لاوە

**بەگومانەکان ڕابکێشن بۆ سەر ڕێگای خوێندنەوە. ئێستا پاش بیست ساڵی تەواو زۆر لە کتێبەکانی ئەوکات لەکاردا نین, بەڵام *دووربینەکەی* ئینگڤێ بێرگێر لە کاردایە و تەنانەت زۆر لە کتێبەکانی تری ئەو بە نیشانەیەکی بەهایی ئێستاش باویان هەیە. هەروەها ئینگڤێ بێرگێر دەقی بۆ تیڤی- سێریاڵی** Trollkarlens pojke **نووسیوە و پرۆگرامی موسیکیی لە ڕادیۆ بۆ منداڵان داناوە.** 1996 **کتێبی گەورەساڵانی *چیرۆکی هاننا*** Baerättelsen om Hanna**ی دەرچوو, کە لە نووسراوە زۆرترین نایابەکانی نووسەرە. ئەو چیرۆکە باس کردنە لە خۆشەویستیی ژنێکی پیر بۆ پیاوێکی یەجگار لاو و لێرەدا بێرگێر ئەزموونی خۆی لەسەر هەمان لایەنی دەروونناسی دڵنیاییی پێکەوەبوون پێشان دەدا کە لە کتێبی لاواندا هەیە. لە هەموو مرۆڤێکدا هەمان تاسە بۆ ملکایەتی, ئەڤینداری و بەڵگەدانە دەستەوە هەیە بەبێ لەبەرچاوگرتنی تەمەن, ڕەگەز و ڕوواڵەت.**

**مرۆڤایەتی بەگشتی قەرزاری ئینگڤێ بێرگێری نووسەرە و, کتێبەکانی ئەو بۆ چەندین زمانی باکووری, ئەڵمانی و هۆڵەندی وەرگێڕدراون.**

**یان هانسسۆن**

**ئەو کتێبانەی ئینگڤێ بێرگێر نووسیویەتی:**

**- پرسیاری ئەوانە لە کتێبفرۆشی, خوێندنگە - یاخود کتێبخانەکانی گەل بکە.**

Pojken och flickan i glasskiosken 1977, Ligga i lä 1978, Kikaren 1978, Nödhamn 1979, Förändringen 1979, Distans 1980, Mötet 1980, Skammen 1981, Hördu Herbert! 1981, Berättelsen om Hanna 1996.